www.kurdistannet.org
30-11-2006 19:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وەزارەتی ڕاوێژکارو خەبیر!!... بەختیار سەعید

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتن و پێشخستنی هەر کارو بەرنامەیەك لە هەر بوارێکدا بێت، وێڕای دانان وپلان وبەرنامەی شیاو پێویستی بە کەسانی پسپۆڕو شارەزا (خەبیر) و ڕاوێژکاری بەئەزموون ولێهاتوو هەیە، گەر ئاوڕێك لە وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدەینەوە ئەوا بێ سێ ودوو شاهیدی ئەوە دەدەین، کە درێغی نەکراوە لە دانان و دامەزراندنی سوپایەك لە ڕاوێژکارو خەبیر، تەماشاکەن وەزارەت هەیە لە حکوومەتەی خۆمان بەقەدەر تیپێکی تۆپ تۆپێن لاکۆڵان خەبیرو ڕاوێژکاری هەیە، وسااڵی جارێك نەك پرس وڕایان پێناکرێت بەڵکو کوێرایم دایەت هەر وەزیریریش نابینن مەگەر لە کاتی هەواڵەکاندا بەخزمەتی بگەن!! لەمە سەمەرەتریش زۆربەی زۆریان نەك هەر ژووریان نیە، بەڵکە کورسی دانشتنیشیان چنگ ناکەوێت تاکو لەسەر دابنیشن!! لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بەسوتفە لە ناو بازاڕدا لوتم تەقی بە لووتی دوو خەبیر وەزارەتێکی گرنگی ئەم حکوومەتەوەکە زۆر بە هێواشی نەرمە پیاسەیەکیان دەست پێکردبوو لای شەقامی باتەی هەولێر، دوای هەوال َپرسین، گووتم: دیارە ئەمڕۆتان کردۆتە پشوو! لە ۆەلامدا گووتیان ئەی چی بکەین؟! تووشی سەرسامی هاتم! گووتم:ئەی دەوامتان نیە؟!ووتیان: دەوامی چی؟! راستە خەبیرین، بەاڵم باوەڕبکە تا ئێستا نە ژوورمان هەیەی نەشوێنی دانیشتن نەکورسی هەموو ئەمانەش، لەلایەك نەپرسمان پێدەکرێت نەگوێمان لی دەگیرێت نەئاگاداری کارو بەرنامەکانی وەزارەتین!! ئەو ڕۆژەی دەوام بکەین لە هۆبەی یاسایی وێڕای گێڕانەوەی نوکتەو مەتەڵ و بیرەوەریەکان وخەریکی گاڵتە کردنین بەچارەنووسی خۆمان!! دیارە هەریەکەمان لە بواریکدا خەبیرین! بەاڵم جەنابی وەزیر کوتلەیەکی بۆ خۆی دروست کردوەو لە جیاتی ئێمەش خۆیان ماندوو دەکەن!! ئاخر گەر بێتوو حکومەت بەجدی لەم گرفتە گرنگە نە کۆڵێتەوە کە هەر وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەوا جۆرێکی دیکە لە گەندەڵی وئیفلیجی لە جی بەجێکردنی کارو پڕۆژەکانی دام ودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەدیار دەکەوێت!! مەخابن ڕۆژنیە قسە لەسەر جۆرەکانی گەندەڵی نەکرێت، ئەوا زۆرو بۆری ڕاوێژکارو خەبیریشی هاتە سەر!جێگای خۆیەتی ڕاستیەکی مەترسیدار هێمای بۆ بکرێت، ئەویش زۆر بەزەقی دیاردەی نەزانینن وبی ئەزموونی و نەشارەزایی تەواوی بوارەکانی گرتۆتەوە! تا ئەو ئاستەی جۆرێك لەنائومێدی باڵی بەسەر داواکاریەکانی خەڵکیدا گرتووە!هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوو خەبیرێکم لەوەزاتێك بەدی کرد لەگەڵ چاپیچەکەی وەزارەت بەشەڕ هاتبوو! لەسەر ئەوەی چاپیچەکە بەخەبیرەکەی ووتبو:خۆزگە بەقەدەر پیاڵە چاییەك خێرتان بۆ ئەم وەزارەتە دەبوو!! مردم ئەوەندە چایتان بۆ بهێنم! لەوەزیاتریشی پێگوو تبوو کەبەقەدەر من خەبیرنین!سەیری کاری بی بەرنامەی بکە لەوانەیە ئێستا لەم حکوومەتە (600/500) ڕاوێژکارو خەبیر هەبێت جگە لەوانەی خانەنیشین کراون!! ئەوەش حاڵی حکومڕانێتی خۆماڵییە مادام سوپایەك لە خەبیرو ڕاوێژکارمان هەیە و وەزیرەکان بەشێوەیەکی گشتی خۆیان ڕۆڵی وەزیرو بریکاری وەزیرو ڕاوێژکارو خەبیرو تا خوارەوە دەبینن!! پێشنیاز دەکەم وەزارەتێکی نوی بە ناوی وەزارەتی ڕاوێژکارو خەبیری هەرێمی کوردستان بکرێتەوە! پۆل پۆل بەئیفاد ڕەوانەی ئەو وڵاتانە بکرێن کە حاڵیان لە ئێمە خراپترە!بەتایبەتی کۆریای باشورو ماڵیزیاو ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لەگەڵ ئەفغانستان!!